# یادی شێخ عەلائوددینی کوڕی شێخ عومەر ضیائوددین

## ژیانی شێخ عەلائوددین

ئەم ذاتە کوڕی شێخ عومەر ضیائوددینە ، دایکی ناوی (خاتو ئەسما)ی کچی میران ئاغای برازای شێخ عوسمانی باپیرەتی ، لە ڕۆژی جومعە ١٢ی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی ١٢٨٠دا هاتووەتە دنیاوە • پاش فامپەیداکردن لای مەلا حامیدی کاتب نراوەتە بەر خوێندنو لەگەڵ شێخ نەجموددینی برای پێکەوە قورئانو کتێبە وردەکانیان خوێندووە ، ئەوجا دەستی داوەتە خوێندنی نەحوو سەرفو تا سیوطی گەیشتووە • هەندێ کتێبی شەرعیشی خوێندووە کە لەو قۆناغەدا ئەخوێنرێن •

لە تەمەنی دوازدەو سیازدە ساڵانیشا هەر لەگەڵ شێخ نەجموددینی برای تەریقەتیان لەسەر دەستی شێخ موحەممەد بەهائوددینی مامیاندا وەرگرتووەو خەریکی سولووك بوون • بەمچەشنە تا گەیشتوونەتە هەژدە ساڵان لەسەر دەستی مامیاندا سولووکیان کردووە • لەو مێژووەدا مامیان کۆچی دوایی کردووەو ئەمانیش بۆ کاروباری تەریقەتو ئادابی سولووك هاتوونەتەوە خزمەتی باوکیان •

تا کۆچی دوایی مامیان ماڵی باوکیان لە تەوێڵە بووە • پاش ئەوە گواستوویانەتەوە بۆ بیارەو تا خانەقای بیارە کراوەتەوە لە مزگەوتی کۆنی ناودێ سولووکیان کردووە • لەمماوەیەدا بە شێوەیەکی زۆر زاهیدانە

ژیاون • تەنانەت شێخ عەلائوددین گێڕاویەتەوە کەوا بە خـۆی‌و شـێخ نەجموددین عابایەکیان بووە ، هەرکامیان لـە مزگەوت دەرچـووە داویـە بەسەریاو زۆرجاریش بە هەردوکیان جووتێ پیلاویان بووە بە نۆبە لەپێیان کردووە •

لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٨ی کۆچیدا شێخی باوکی نووری‌جان خانمی کچی میرزا عەبدوڵلاخانی کوڕی شێخ موحەممەد صادقی وەزیریی بۆ مارە بـڕیوە کە لەدێی (سەولاوا) دانیشتـووە لـە ناوچـەی سـنەو ، بـۆی گواستووەتەوە بۆ بیارە • پێشتریش باوکی ، عالیە خانی کچی ئەم مـیرزا عەبدوڵلاخانەی بۆ خۆی مارە کردووەو گواستوویەتیەوە بۆ بیارە • شێخ عەلائوددین لە ١٣١١دا لەگەڵ باوکی سەفەرێکی سنەی کردووەو ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە • پاش گەڕانەوەی بە ماوەیەکی کەم ، بە فەرمانی بـاوکی، ماڵی لە بیارەوە گواستووەتەوە بۆ (سەفی‌ئاوا) لە ناوچەی جوانڕۆ کە موڵکی خانەقای بیارە بووەو لەوێ نیشتەجێ بووەو دەستی‌کردووە بە ئیرشـاد • چوار پێنج ساڵ لەم دێیە ماوەتەوەو شێخ عوثمانی کوڕی لە ١٣١٤و شێخ خالیدی کوڕی لە ١٣١٥دا لەم دێیە لەدایك‌بوون لە نووری‌جان خـانم • پاشان هەر بە فەرمانی باوکی ماڵی هاتوەتەوە بیارەو لەوێوە چـووە بـۆ (تازاوا)و (سۆفی بلە) لە ناوچەی (سالاڵ) لـەوێ نیشتـەجێ بووە • دوو ساڵیش لەوێ بووەو دیسانەوە هاتوەتەوە بۆ بیارەو تا بـاوکی لە ١٣١٨دا کۆچی دوایی کردووە هەر لەوێ بووە • پاشـان گواستوویەتـەوە بـۆ (دەرەشیشی سەروو) لەنێوان بیارەو هەڵەبجەداو ساڵێك‌و چەند مانگیـش لەوێ بووەو لە ١٣٢٠دا لەوێشەوە گواسـتوویەتەوە بۆ (سـەولاوا) لـە هەورامانی ئەودیو • پاش ساڵێ بەگزادەی مستەفاسانی کە لە (ڕەزاو) بوون هاتوون بۆلای‌و دێی (دووڕووە)یان داوەتێ بۆ خۆی • ئەویش ئەگوێزێتەوە

بۆ ئەوێو لەوێ خانەقاو حوجرەی میوانو خانوو بۆماڵو منـالی خـۆی دروستئەکاو ئەحەسێتەوە •

لەوماوەیەدا کە لە سەولاوا بووە مەلا شەمسوددینی کوڕی مەلا حامیدی کاتب بۆ کاروباری نامەنووسیو خەتمو تەهلیلەو تەریقەتدادانی موریـدو مەنسووبو ، مەلا یووسف ناوی خەڵکی (گەبە)و (گولیجە)ی سووورداش کە موریدی شێخی باوکی بووەو شاعیرو ئەدیب بووە ، بـە مەلایـەتی لای بوون ، بەڵام مەلا یووسف پاش ماوەیەك ئەڕواو هەر مەلا شەمسوددیـن ئەمێنێتەوە تا ساڵی ١٣٢٦ • لەوساڵەدا مەلا موحەممەدی حاجی شێخ قادری (ڕەشەدێ)ی کە مەلایەکی باش بووەو مەلای دێی (بالك) بووە لە مەریوان هێناوە بۆ خانەقای دووڕووەو کردوویە بە مەلا لای خـۆیو فەقێی بـۆ ڕاگرتووە • بەهۆی هاتنی ئەم مەلا موحەممەدەوە شێخ شەمسوددین بارئەکاو ئەڕوا بۆ دێی (نێ) لە مـەریوان • شێخیـش مـەلا عـارفی کوڕی مـەلا عەبدولصەمەد ، کە ذاتێکی زۆر خەتخۆش بووە ، ئەهێنێ بۆ ئیمـامەتو خەتمو تەهلیلە • بەوچەشنە لەوکاتەوە دووڕووە ئەبێ بە مەرکەزێکی گەورەی ئیرشادو دەرزوتنەوەو ناووبانگی شێخ عەلائوددین دەرئەکەوێ •

لەمماوەیەدا بۆی هەڵئەکەوێ چەند دێیەك ئەکڕێ لەو دەورو پشتی دووڕووەداو بۆخۆی لەوێوە سەرپەرشتییان ئەکا • ئەو دێهاتانە ئەمـانەن : (سوورەتوو)و دەوروبەری ، نیوەی دێـی (ژنێـن)و (ئاریـان)و دێـی (سوورکەوڵ)و نیوەی دێی (قەلاجـوق)و دەوروبـەریو هەنـدێ وردە موڵکیتریش کە لە دواساڵەکانی ژیانیدا بەپێی سەنەد لەنێوان کوڕەکانیـدا دابەشی کردوون •

لە ١٣٣٨دا کە پاش وەفاتی شـێخ نەجمـوددیـنی بـرای ، شـێخ نووروددینی کوڕی شێخ نەجموددینو مەلا قادری گەورەیش کۆچی دوایی

ئەکەن ، خانەقای بیارە چۆڵ ئەبێ‌و سەرپەرشتی‌کەری نامێنێ • شێخ عەلائوددین لەم ساڵەدا دێتەوە بۆ بیارەو لەوێ نیشتەجێ ئەبێ •

## بیارە لە سەردەمی شێخ عەلائوددیندا

بە هاتنەوەی شێخ بۆ بیارە ، وەزعی خانەقا چاك‌بووە • مەلا حوسەینی کوڕی مەلای گەورە (مەلا قادر) ئەکرێ بە مودەڕڕیس بە مەرجێ کە مەیدانی ئەوە بدا ماموستا شێخ بابەڕەسووڵی بێدنی کە مەلایەکی باش بووەو موریدی شێخ نەجموددین بووە بێت ئەویش هەر ببێ بە مودەڕڕیس‌و دەرز بە فەقێکان بڵێ • شێخ بابەڕەسووڵ دێ بۆ بیارەو ئەبێ بە مودەڕڕیس ، بەڵام پاش چەند مانگێ لەترسی پەیدابوونی هەراو ئاژاوە بیارە بەجێ‌دێڵێ • پاش ئەو لە ١٣٣٩دا شێخ ، مەلا ئەحمەدی ڕەش ئەکا بە مودەڕڕیس‌و دێ دائەمەزرێ‌و هەندێ فەقێ‌یشی لە دەور کۆئەبێتەوە کە من خۆم یەکێکیان بووم‌و شەرح عەقایدی مەلا سەعدی تەفتازانیم لە باسی سیفەتی تەکوینەوە تا دوایی لا خوێندو دەستم‌کرد بە موختەصەری موطەووەل‌و لەویش‌تا ئەحوالی موسنەدوئیلەیهیم خوێند • بەڵام بۆ پایز مەلا ئەحمەدیش هەر لەترسی ئاژاوە بیارەی بەجێ‌هێشت‌و منیش لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ سولەیمانی• لەوێ لە یەك جوێ‌بووینەوە ، ئەو بوو بە مەلای دێی (گەڵاڵە) لای عەباس ئاغای پژدەرو منیش لە خانەقای مەولانا لە سولەیمانی دامەزرام لە خزمەتی ماموستا شێخ عومەری مەشهوور بە ( ابن القرەداغی )دا •

لەو ساڵەوە بیارە بێ مەلای مودەڕڕیس مایەوە تا ساڵی ١٣٤٦ • لەو ساڵەدا شێخ مەلا طاهای بالیسانی بە فەرمانی شێخ هاتە بیارەو بوو بە مودەڕڕیس ، بەڵام ئەویش لە بەهاری ساڵی داهاتوودا گەڕایەوە بۆ خۆشناو • پاش ڕۆیشتنی ئەو ، هەر لە ساڵی ١٣٤٧دا من بە فەرمانی شێخ

بووم بە مودەڕریسی بیارەو خوا مووەففەقی کردم بتوانم ماوەی ٢٤ سـال لەوێ بمێنمەوە تەدریس بکەم •

لەوماوەیەدا کە من لە بیارە مودەڕریـس بووم شـێخ زۆر بەگەرمی خزمەتی خوێندنو فەقێیانی ئەکردو هەمیشە بیارە ٢٠ ــ ٥٠و بەڵکو زیاتر فەقێی لە هەموولایەکی کوردستانەوە ، بەڵکو جارجار فەقێی عەرەبو تورکو تاڵشیشی تیابوو • من خۆم دەرزم بە (موستەعید)ەکان ئەوت کە ئەوانـە بوون زۆریان نەمابوو ئیجازە وەربگرنو بین بە مەلا ، ئەوانیش دەرزیـان بە فەقێ مامناوەندییەکانو ئەوانیش دەرزیان بە فەقێ سەرەتاییەکان ئەوت کە پێیان ئەڵێن (سوختە) • بیارەی ئەو سەردەمە بەشبەحاڵی ئەم کوردستانی عـێراقە نیمچـە دانشگایـەك بوو • لە بەیـانییەوە تا یەك دوو سەعـات پاش نوێژی مەغریب دەنگی دەرزو دەوری فەقێ لە خـانەقاو حوجرەکانو سەربانەکان ئەئەبرا ، لەوەپاشیش تا درەنگێ بە بێدەنگی موتالای کتێـب ئەکرا • خانەقای بیارە چەند هەزار بەرگ کتێبی وەقفی چاپو دەسنووسی بۆ فەقێیان تێدابوو •

لەوماوەیەدا پتر لە ٥٠ فەقێی زیرەكو خوێندەوار ئیجازەی مەلایەتییان لای من وەرگرتووەو گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی خۆیـانو بـوون بە مەلاو خزمەتی عیلمو ئایینیان کردووە •

لە سەردەمی شێخ عەلائوددیندا بیارە زۆرتری وەخت پڕبوو لە مەلای گەورە گەورەو لە موریدو مەنسووب کە لە زۆر شوێنەوە ئەهاتن • زۆر جار مەلایانی ناوچەی دەوروبەر وەك خوالیخۆشبووان مامۆستا مەلا قـادری سۆفی ، شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبرندە ، مەلا عەزیزی پریس ، شێـخ ڕەسووڵو شێخ عومەری هەڵەبجە ، مامۆستا شێخ بابەڕەسووڵی عەبابەیلێ (بێدەنی) ، مەلا عابیدی بیاوێڵە ، مەلا عەولای دەرەشیشو مەلایانیتر ئەهاتن

بۆ بیارەو ماوەیەك لەوێ ئەمانەوەو پاشان ئەگەڕانەوە • هەروا مەلایانی ناوچەی سەقز ، بانە ، سنە ، هەورامان ، مەریوان ، سولەیمانی ، موکریان ، خۆشناوەتی ، ڕەواندز ، پژدەر هەموو ساڵێ دەستە دەستە ئەهاتن بۆ بیارە•

لە بەشی زۆری سەردەمی شێخ عەلائوددیندا لە بیارە مامۆستا مەلا بەها ئیمامی خانەقاو سەرحەڵقەی خەتم و تەهلیلە ، سەیید مەظهەر کاتبی شێخ ، مەلا طاهیری مەلا حوسەین خادیمی مەرقەد ، سەیید نیظام موعتەمەدی شێخ ، میرزا ئەحمەد بەردەستی شێخ ، مەلا صدیق بانگدەرو سەلاکەر بوون • من خۆیشم ، کە مودەڕڕیس بووم ، خوطبەی نوێژی جومعەشم ئەخوێندەوە •

## سەفەرەکانی شێخ عەلائوددین

ئەم ذاتە لە سەردەمی ژیانی باوکیا گەلێ سەفەری بۆ بانەو سەقزو مەریوان‌و سنەو جوانڕۆو شوێنانی‌تری دەوروبەر بووە • پاش کۆچی دوایی باوکیشی لە ١٣٤٠دا سەفەرێکی مەریوانی بووە بۆ ئاشتکردنەوەی سەیدەکانی چۆڕ لەگەڵ بەگزادەی فەتالی‌بەگی کە لەسەر ئاڵوگۆڕی دوو پارچە موڵك ناکۆکی‌یان بووە • لە ١٣٤١یشدا سەفەری بەغداو دەیروززوورو حەڵەبی بووەو چووەتە گەلێ شوێنی‌تریش لە ڕێگایدا • لەو سەفەرەیدا خاتوو ڕابیعەی کچی شێخ ئەحمەدی خەلیفەی لە دەیروززوور مارەکردووە •

لە ١٣٤٤دا سەفەرێکی کردووە بۆ سولەیمانی‌و لە ١٣٤٨دا سەفەرێکی‌تری کردووە بۆ بەغدا • ئەم سەفەرەی شەش مانگی خایاندووە• لەم سەفەرەیدا شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبرندەی لەگەڵ بووە •

لە ١٣٥٠دا سەفەرێکی‌تری بەغدای کردووە • لەم سەفەرەیدا شێخ بابەڕەسووڵی عەبابەیلێ‌و شێخ موحەممەدی قزلجی‌و شێخ عوثمانی کوڕی‌و

سەید مەظهەری کاتبیو سەید نیظاموددینو میرزا ئەحمەدو منی لەگەڵ بووین • ئەم سەفەرەی لە فەسڵی پایزو لە ١٨ی شەعباندا دەست پێ کرد • منو شێخ بابەڕەسووڵ پاش ڕەمەزان گەڕاینەوە ، بەڵام شێخ پاش دوو مانگیتر هاتەوە •

لە ١٣٥٦یشدا سەفەرێکیتری کردووە بۆ بەغدا • هەروا لە ١٣٥٨دا سەفەرێکیتری بەغدای کرد • لە گەڕانەوەیدا هەواڵی کۆچی دوایی شێخ حوسامودینی پێ گەیشتو چوو بۆ پرسەی •

پاش ئەم سەفەرەی تا کۆچی دوایی کرد ، لە وردە سەفەری هەڵەبجەو شارەزوور بەولاوە سەفەری نەکرد •

## ژنو منالی شێخ عەلائوددین

ئەم ذاتە گەلێ ژنی هێناوە • من لێرەدا تەنها باسی ئەوانەیان ئەکەم کە منالیان لێ کەوتووەتەوە •

یەکەمین ژنی بێوەژنی مەلا حەکیم ناوێکی ژاوەرۆیی بووە کە لە بیارە بووەو لەوێ مردووەو شێخ ژنەکەی مارە کردووە بۆ خۆی • لەم ژنە کچێکی بووە شووی کردووە بە شێخ موحەممەد سەعیدی کوڕی شێخ موحەممەدی کوڕی مەولەوی •

دووهەمین ژنی نووریجان خانی کچی میرزا عەبدوڵڵا خانی سەوڵاوا بووە کە شێخ عوثمانو شێخ خالیدو پێنج کچی لێ بووە •

سێهەمین ژنی زوبەیدە خانی کچی مصطەفا خانی باوەجانی بووە کە عیزوددینو زاهیدو موختارو نووریو سێ کچی لێ بووە •

چوارەمین ژنی کچی مەلای ژرێژە بووە کە کوڕێکی لێ بووە ناوی موحەممەدە •

ژنی پێنجەمی خاتوو ڕابیعەی کچی شێخ ئەحمەدی دەیروززوور بووە کە ئەمین‌و ثابیت‌و مەظهەرو کچێکی لێ بووە •

ژنی شەشەمی ناهیدە خانی کچی عەلی خانی شەرەفبەیانی بووە کە ناجی‌و عەبدولحەمیدو سێ کچی لێ بووە •

## کۆچی دوایی شێخ عەلائوددین

ئەم ذاتە لە ڕۆژی یەکشەمبە لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣٧٣ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردو لە بەردەمی قەبری باوکیەوە لە بیارە بە خاك سپێرا (١)و پاش ئەو شێخ عوثمانی کوڕی لەجێی دانیشت (٢) •

---

(١) گەلێ لە خوێندەوارانی سەردەم بە شیعر لاواندوویانەتەوەو مەرثی‌یەیان بۆ نووسیوە . منیش مەرثی‌یەیەکم بۆ نووسیوە بەم دوو بەیتە دوایی هاتووە :

روز یکشنبه رجب ماه به نوروز دری
بلبل داغزده کرد فغانی اثری
گفتمش : چیست همین ناله ؟ بگفتا : ای وای
« گم شد از باغ محبت گل باغ عمری »

کە بە حیسابی حورووفی ئەبجەد نیوە بەیتی دوایی ئەکاتە ١٣٧٣و ئەوەش ساڵی کۆچی دوایی شێخە خوا لێی خۆش بێ .

(٢) شێخ عوثمان لەپاش کۆچی دوایی باوکی بەپێی بیرو ڕای ئەو موریدو مەنسووبانەی هاتبوون بۆ پرسە لەجێی باوکی دانراو بوو بە پۆست‌نشین‌و پاش چەند مانگێکیش ئەنجومەنی عیلمی لە ئەوقافی سلێمانی ئیمتیحانی کردو فەرمانی شاهانەی بۆ پۆست‌نشینی بۆ دەرچوو . شێخ عوثمان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە بیارەی بەجێ‌هێشت‌و ماڵی‌گواستەوە بۆ هەورامانی ئەودیوو لە ( دووڕووە ) دانیشت‌و خانەقاکەی ئەوێی ئاوەدان کردەوەو بارەگایەکی گەورەی لەوێ بۆ خۆی پێکەوەناو تا ئەم ساڵانی دوایی‌یە لەوێ مایەوە . لە ساڵی ١٩٧٩دا دیسانەوە گەڕایەوە بۆ عێراق‌و ماوەیەك لە بیارە دانیشت‌و پاشان ماڵی هاتە بەغدا .

# وەسیەتی شێخ عەلائوددین

خوالێخۆش‌بوو شێخ عەلائوددین بە شایەتیی من‌و مامۆستا مەلا بەهای ئیمامی خانەقاو سەیید مەظهەری کاتبی‌و سەیید نیظاموددینی باوەڕپێکراوی‌و شێخ عوثمانی شێخ مارفی تێرگسەجاڕو عومەر مستەفای عەرەبی دواوانی شارەزوور لە بیستی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣٦٣ی کۆچیدا ئەم وەسیەتەی کردووە :

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ، والصلوة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين •

امابعد ، بە شەهادەتی خودای تەعالاو مەلائیکەی موقەڕڕەبین‌و پێغەمبەرانی خودا ئەم وەسیەتە ئەکەم : وەسیەت ئەکەم کە سێ‌یەکی عوموومی ماڵی مەملووکی خۆم بۆ عوموومی موسوڵمانان بێ لە ساکنانی خانەقای بیارەو ئەوانەی بە عەزمی زیارەت دێن بۆ بیارە یا بە میوانی وارید ئەبن کە بە هەموو شێوەیەکی عادەتی ئیستیفادە لە ماڵی من بکەن ، خواه بە دانیشتن‌و نووستن‌و هاتوچۆ بە خانووەکانما یا بە خواردن‌و خواردنەوەی ئەوەی عائیدی منە ، خواه نان‌و ئاوو چێشت‌و چایی‌و میوەو غەیری ئەمانە ، وە بە بەکارهێنانی قاپ‌و قاچاخ‌و لێفەو سەرین‌و فەرش‌و کەل‌وپەلی ماڵ بەقەدەر پێویستیان •

ئەم وەسیەتەم شامیلە بۆ هەر مولکێکی شەرعیم هەبێ چ لە بیارە یا لە باقی دێهاتی عێراق یا لە دێهاتی مولکی ئێران‌و لە باقی شوێنەکان ، خواه ئەوەی ئێستە هەمە یا ئەوەی لەمەولا پەیدا ئەبێ • بۆ تەوضیح : مەقصەد لەم وەسیەتە بردنی عەینی ماڵەکەم نییە بۆ خۆیان ، بەڵکو ئیستیفادەیە بە

خواردنو خواردنەوەو غەیری ئەمانە لە وجووهی ئیستیفادە فمن بدلها بعد ما سمعها فعليه الوزر • وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه وسلم تسليما • وآخر دعوانا ان الحمد لله ربالعالمين •

الموصى
خادم الطريقة النقشبندية والقادرية
**علاءالدين العمرى العثمانى**
٢٠ رجب ١٣٦٣